# هیوای نۆژەن

ڕەحمان سۆفی

لە قوڵایی کانیاوی هەستەوە،
لە کەڕانەی دەریای ئەوینەوە،
لە ڕووباری خۆشمدەوێیەوە،
لە قاقڕە دەشتی نەفامیتدا لافاوم.
ئەی بیرەوەری زامداری من!
سەت حەیف بە ساڵدا چووی
ئەی سی ساڵی ڕەبەق تێپەڕیو
ئەی ساڵانی نەهاتووی دڵتەنگ
سەت حەیف بۆ گیانی لە سەرلێو
سەوزی شەوانی نەرم ونبووم
هەرچەند هەنگاو بەرەو پاییزە
وەرە با دووبارە ڕابینەوە
پێویستە سۆز و تین و گوڕ
بەردەوام نۆژەن کەینەوە.

یوتەبۆری      2010 / 8 / 6